# ئاینی پیرۆزی ئیسلام رێز وشکۆی ئافرەت دەپارێزێت

[ kurdish – کوردی – كردي ]


## شێخ محمد جمیل زینو

وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2015 - 1436

IslamHouse.com

# محافظة الإسلام على سمعة المرأة

« باللغة الكردية »

محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2015 - 1436

IslamHouse.com

# ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێز وشکۆی ئافرەت دەپارێزێت

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئاینی پیرۆزی ئیسلام داکۆکی زۆری کردووە لە ڕێز وشکۆی ئافرەتان، بەڕادەیەك ڕێگای نەداوە کەرامەتی لەکەدار بکرێت لەوەی بچوکترین تۆمەتی بدرێتە پاڵ تا گەشتووەتە ئەو ئاستەی کە خوای گەورە لەسەروو ئاسمانەکانەوە وەحی بنێرێت بۆ پەیامبەرەکەی وشکۆ وڕێزی ئافرەتانی بۆ بەیان بکات، وتا هەتا هەتایەش موسڵمانان لە قورئاندا بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی هیچ کەس زاتی ئەوە نەکات زمانی بەشێوەیەکی خراپ لەئاستدا

ئافرەتاندا بچەرخێنێت، ئەوەتانی خوای گەورە لەسورەتی نووردا فەرموویەتی : ﴿ وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ [ النور: ٤ ].

واتە : ئەوانەی کە بوختان دەکەن بۆ ئافرەتانی داوێن پاك و خاوەن مێرد، پاشان ناتوانن چوار کەسیش بە شایەت بهێنن، ئەوانە هەشتا قامچیان لێ بدەن و هەرگیز شایەتیان لێ وەرمەگرن، ئەوانە لە ڕیزی تاوانبارو لە سنوور دەرچوو و یاخیەکاندان.

خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا سزای ئەو کەسەی دیاری کردووە کە تۆمەتی داوێن پیسی و بەدڕەوشتی ئەداتە پاڵ ئافرەتێکی موسڵمان بەوەی هەشتا دار یان قامچی لێ بدرێت، ئەگەر هاتوو چوار شاهیدی نەبوو لەسەر ئەو تۆمەتەی داویەتیە پاڵ ئەو ئافرەتە، نەك هەر هێندە بگرە سزایەکی تریشی داوە

بەوەی ئیتر هەرگیز شاهیدیشی لێ وەرنەگیرریێت، ولەکۆتاییەکەشیەوە سیفەتێکی خراپی داوەتە پاڵ کە سیفەتی فاسقیەتە وشایستەی ئەو جۆرە کەسانەیە کە زمانیان ناپارێزن لەئاست شەرەف وناموسی کەسانی تردا .

٢-خوای گەورە ومیهرەبان هەر بەتەنها بەو سزایانە وازی لەو کەسانە نەهێناوە کە تۆمەتی نارەوا دەدەنە پاڵ ئافرەتانی موسڵمان، بەڵکو زۆر بەوە توندهەرەشەیان لێ دەکات ودەفەرمویێت : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ * يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ * يَوْمَئِذٍ يُوَفِّيهِمُ اللَّهُ دِينَهُمُ الْحَقَّ وَيَعْلَمُونَ أَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ الْمُبِينُ ﴾ [ النور: ٢٣ – ٢٤ ].

واتا : بێگومان ئەوانەی بوختان بە ژنانی داوێن پاکی و بێ خەبەری بروادار دەکەن، لەدوارۆژیشدا نەفرینیان لێکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا سزایەکی گەورەشیان بۆ ئامادەکراوە *لەو رۆژەدا زمان

و دەست و پێییان دەبێتە شایەد لەبەرامبەر ئەو کارانەوە دەیان کرد، جا یا هەر بەواقیعی ئەوانە دێنە قسەو گفتوگۆ و، هەریەکەیان قسەی خۆی ئەکات و، یەکە یەکە ئەو شتانە ئەڵێت کردوویانە، یان هەر شتێکیان کردبێت لەسەریان تۆمار کراوەو لێی ئاشکرا دەبێت، وەك ئیمزاو مۆرو - طبع الأصابع- ی پەنجەکان، کە ئیمڕۆ گەلێ تاوانیان پێ ئاشکرا دەکرێت .

٣- لەو ڕووداوەیش کە بەڕووداوی (الافك ) ناسراوە لەمێژووی موسڵماناندا، کاتێك بە فیتنە و ئاژاوەگێڕی دوو ڕووەکان تۆمەتیك هەڵبەسترا بۆ عائیشەی دایکی باوەڕداران بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەك، پەروەردگار لەسەروو ئاسمانەکانەوە هاتە دەنگ و داکۆکی کرد لە ئافرەتێکی داوین پاك و تەواوی ئەو تۆمەتانەی کە هەڵیان بەستبوو بەدرۆی خستنەوە وداوین پاکی ئافرەتێکی سەلماند بۆ پەیامبەر و هاوەڵە بەڕێزەکان، وەك لە سورەتی نووردا فەرموویەتی : ﴿إِنَّ الَّذِينَ جَاءُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِنْكُمْ لَا تَحْسَبُوهُ

شَرًّا لَكُمْ بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَكُمْ لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ مَا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ [ النور: ١١ ].

واتا : بێگومان ئەوانەی کە ئەو درۆو بوختانە گەورەیان هەڵبەست، کۆمەڵێك بوون لە خۆتان، وا مەزانن ئەو رووداوە بۆ ئێوە شەرو خراپە، بەڵکو چاك و خێرە بۆتان ئێوە 'بەو یاسایە لە ئایندەدا نامووسی ملیۆنەها موسڵمان ئەپارێزرێ و؛ بەرگری لێ ئەکرێ... کەوابوو زۆر چاکە بۆتان، چونکە لەلایەکەوە دوژمنایەتی بێ بڕواکانتان بۆ دەرکەوت؛ کە تاچ ئەندازەیەك ئەیانەوێ ئابڕووی ئەو بنەماڵەو خێزانە پاکانە بەرن، شەرەفی ئەو بنەماڵانە بشکێنن، بێگومان هەریەکەش لەوانە چەند لەو گوناهو تاوانە بەشدارە؛ بەشێك تاوانی تایبەتی لە ئەستۆی خۆیدایە' واتە: هەرکەسە چەندە کۆششی بۆ کردبێ بە ئەندازەی ئەوەش تۆڵە وەرئەگرێت، ئەو کەسەش کە سەرۆکایەتی بەشێکی زۆری ئەو تاوانەیەی کرد (عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول)،

سزایەکی سەخت و گەورەی بۆ هەیە چونکە هەر ئەوکاتە (صەفوان) وشترەکەی لێ ئەخوڕی و، خاتوو عائیشەش لەناو کەژاوەکەدا بوو، کوڕەکەی سەلوول لەناو خەڵکێکی زۆردا وەستابوو و پرسی ئەمە کێیە؟! وتیان: عائیشەی خێزانی پەیامبەرە (صلی اللە علیە وسلم) ، وتی: ئەمە سوێندی بێت بەپاکی نەگەڕاوەتەوە!!

خوای گەورە ئەم ئایەتە و دە ئایەتی تری دابەزاند بۆ پەیامبەرەکەی لەسەر داوێن پاکی عائیشەی دایکی باوەڕداران ( رەزا ورەحمەتی خوای لێ بێت )، لەکاتیکدا ئەو دوو ڕووانە هێندە دەنگ وباسەکەیان بە ڕادەیەگ بڵاو کردەوە کە سێ کەس لەهاوەڵانیش بڕوایان پێکرد و کەوتنە ناو داوی دوو ڕوەکانەوە، ئەوە بوو پاشتر ودوای دابەزینی ئایەتەکان سزایان بەسەردا جی بەجێگرا، نەە هەر هێندە پەیامبەریش ( صلی اللە علیە وسلم ) گەشتە ئەوەی کە عائیشە بنێرێتەوە بۆ ماڵی ئەبو بەکری باوکی

تا ئەو كاتەی خوای گەورە دێتە جواب لەسەری و داكۆكی لێدەكات یان ڕاستی ڕووداوەكە ئەسەلمێنێت، ئەوە بوو خوای گەورە لەكۆتا جاردا داوێن پاكی ئافرەتێكی بێتاوانی سەلماند وڕووی ڕەش و دزێوی دوو ڕووەكانی هەڵماڵی ..

خوای گەورە دەست وزمانمان بپارێزیت لە تۆمەت هەلبەستن بۆ داێون پاكان ..

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم

سەرچاوە : پەرتووكی ( تكريم الإسلام للمرأة )

نووسینی : محمد جميل زينۆ